# وێنەی هەستی لە شیعرەکانی شێخ مارف بەرزنجی دا

م.ی . بێستون عادل علی
زانکۆی کەرکوك - کۆلێژی پەروەردە - بەشی زمانی کوردی

## پێشەکی

هەردەقێکی شیعری خۆی لە خۆیدا وێنەیەکە، وینەی شیعریش یەکێکە لەو لایەنە دیارو گرنگانەی نێو جیهانی ئەدەب کە پانتایەکی فراوانی داگیرکردووە و بەردەوام لە گەشەسەندن و بەرەوپێشچووندایە. ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (وێنەی هەستی لە شیعرەکانی شێخ مارف بەرزنجی) دا لێکۆڵینەوەیەکە بۆ دەرخستنی گرنگی شیعر و بایەخی وێنەی هەستی لە شیعرەکانی (شێخ مارف بەرزنجی) دا.

ـ هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی وێنەی هەستی وەك ئامرازێکی بەهێزی شاعیر لە دورستکردنی وێنەی شیعریدا . هەروەها تاکو ئێستاش هیچ لێکۆڵینەوەیەك نە دەربارەی وینەی شیعری و نە وێنەی هەستی لە شیعرەکانی (شێخ مارف بەرزنجی)دا نەکراوە . بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەنجام بکەین لە ژێر ناونیشانی (وێنەی هەستی لە شیعرەکانی (شێخ مارف بەرزنجی) دا.

ـ رێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیڕەوی رێبازی وەسفی شیکاریمان کردووە.

ـ پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکی و یەك بەش و ئەنجام و پەراوێزەکان و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی باس بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی .

بەشەکەمان دابەشکردووە بە سەر سێ پاردا. لە پاری یەکەم باسی چەمك و پێناسەی وێنەی شیعریمان کردووە. لە پاری دووەمدا باسی ڕەگەزەکانی وێنەی شیعریمان کردووە . لە پاری سێیەم و کۆتاییشدا بە شێوەیەکی پراکتیکی باسی وێنەی هەستیمان کردووە لە شیعرەکانی (شێخ مارف بەرزنجی) دا .

لە کۆتاییشدا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە خراوەتەڕوو، هەروەها پەراوێزەکان و لیستی سەرچاوەکان ریزکراون . پوختەی لێکۆڵینەوەکەش بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

## پاری یەکەم

## چەمك وپێناسەی وێنەی هونەری

شیعر بریتیە لە کۆمەڵە ڕەگەزێك کە ئاوێنەی یەکدی بوونەوبوونە مایەی دروست بوونی شیعر.وێنەیش یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی شیعر کە دەبێتە هۆی ڕازاندنەوە و بە پێزی و یەکگرتنی ڕەگەزەکانی تری شیعر .بێگومان هەموو شیعرێکیش خۆی لە خۆیدا وێنەیەك یان چەند وێنەیەکی تێکەڵاو بە یەکن . ئەگەر سەرنج لەو لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکانیش بدەینەوە ئەوا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە وێنەی هونەری یەکێکە لە دیارترین باسە ڕەخنەییەکان . کەواتا وێنەی هونەری وەك بابەتێکی ڕەخنەیی ئەدەبی بایەخێکی تایبەتی خۆی هەیە لای ڕەخنەگران و جێگەی سەرنج وتێڕوانینە، ئەمەش کاتێك دەردەکەوێت کە خوێنەر بەیتە شیعرێك دەخوێنێتەوە هەست بە بوونی وێنەیەك دەکات کە لە ناو وشەکاندا ڕەنگی داوەتەوە.هەروەها وێنەی شیعری بە گیان و جەستەی شیعر دادەنرێ و شیعر بەبێ وێنە وەك جەستەیەکی بێ ڕوح ومردوو وایە . ئەگەر باسی (وێنە)ش بکەین ئەوە ئێمە یەکسەر وێنەکێشمان دێتە پێش چاومان کە وێنەکێشێك وێنەیەك دەکێشێت و بە فڵچەو بۆیە هەستونەستی خۆی تێکەڵ بەو وێنەیە دەکات، بەڵام ((جگە لە وێنەکێشی هونەرمەند، هونەرمەندێکی تریش هەیە کە ئەویش شاعیرە، بە وشە وێنەی هونەری ئاوێتەی بەرهەمە شیعرەکانی خۆی ئەکات و ئەیڕازێنێتەوە و پلەی هونەری پێ بەرز وبەرزتر ئەکاتەوە))[1] . بۆیە ئەگەر وێنەکێش بە فڵچە و بۆیە هەست و سۆز و ئەندیشەو بیر ئاوێتەی ئەو شتە بکات. ئەوا ((مرۆڤی شاعیرو هونەرمەندیش لە ڕێگای شیعرەوە هەست و نەستی ئاوێتەی وشەو ڕستەو داڕشتن دەکات، ئەمەش وەك وێنەکێش

چەند تابلۆ و وێنەیەکی گونجاوو زیندوو بەهرەدارانەو ئاوازدار دەخاتە بەر چاو و بەر گوێ وخوێنەرو گوێگر چێژی تەواوی لێ وەردەگرێت و بە گەشانەوەوسەرسامی و حەپەسان و تەلیسمێکی خۆشی قوولْ دەکات))[٢]. ئەگەر لە رووی مێژووییشەوە ئاورێك لە وێنەی شیعری بدەینەوە ئەومان بۆ دەردەکەوێت وێنە هەر لە کۆنەوە بوونی هەیە، بەلاّم بە پێی هەر قۆناغێك تایبەتمەندێتی حۆی هەبووە. هەر وەك چۆن لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر جیاوازە. بۆیە ئەگەر تەماشای شیعری کلاسیك بکەین دەبینین ((وێنەی شیعری زیاتر لە چوارچێوەی هونەرەکانی رەوانبێژیەوە سەیر کراوە، مەبەستیش لێی بۆ رازاندنەوەی لایەنی جوانکاری شیعرەکە بەکارهاتووە))[٣]. بۆیە ئەمە ئەوە دەردەخات کە وێنەی شیعری لە شیعری کلاسیکدا تەنیا لە رێگای هونەرەکانەوە دروست کراوە و تەنیا بۆ جوانی و رازاندنەوەی دەقە شیعرییەکە بووە، بەلاّم ئەگەر تەماشای وێنەی شیعری لە شیعری نوێ بکەین ((وێنە لە شیعری نوێدا رەگەزێکی گرنگە، کە تەنها بۆ رازاندنەوەو جوانی شیعرەکە داناهێنرێت، بەلْکو شاعیر بە هۆی ئەندیشەی بە چێژ و خەیالّی داهێنەرانەیەوە وێنەیەکی بەرجەستەکراوی هەست و نەست و باری دەروونی دەخولقێنێت، کە ئەمە لە زۆر رووەوە دەبێتە مایەی تێگەیشتن و نزیك بوونەوە لە فەزای گشتی شیعرەکە، هەروەها دەبێتە کلیلێك بۆ کۆد و هێماکان))[٤]. بۆیە ئەگەر چی وێنە لە شیعری کلاسیکیدا تەنیا بۆ رازاندنەوەیدەقێك بێت ئەوە لە شیعری نوێدا گرنگییەکی زیاتر بە وێنە دەدرێت و ئەو چوارچێوەیەیی لە شیعری کلاسیکدا هەبوو دەشکێنرێت. بۆیە دەتوانین بلّێین کاریگەری وێنەی شیعری لە ڕووی چۆنیەتی و چەندێتیەوە جیاوازی هەیە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، چونکە ئەگەر چی ئەفلاتۆن ((ناوی وێنەی شیعری نەهێناوە، بەلاّم هەلْویستی دژی (ئەندیشە) بووە، چونکە شاعیران لە داهێنانەکانیاندا پشتی پێدەبەستن و بەوەش سێ هەنگاو لە راستی دوور دەکەونەوە. بۆیە لە ئاکامدا بڕیاری دا لە کۆمارەکەی دەریان بکات))[٥].ئەم هەلْویستەی ئەفلاتۆن ئەوە دەگەیەنێت کە ئەندێشە گرنگی بە وێنە دەدات و وێنەی شیعریش رەگەزێکە بۆ بێ کەلْککردنی شیعر. لای (ئەرستۆ) ش(ئەم چەشنە تێڕوانینە بۆ شیعر بە گشتی و تراژیدیا بە تایبەتی نابینرێت، بەلْکو تراژیدیا بە بەرهەمێکی سوودمەند و بە بەها ناودەبات، چونکە کاریگەریەکی پۆزەتیف لە سەر دەروونی بینەران بە جێدەهێلْێت، ئەم فەیلەسوفە لە چوارچێوەی باسی (تیۆری لاسایکردنەوە)دا سەرنجمان بۆ ئەوە

رادەكێشێت، كە شیعر و وێنەكێشان هێڵی هاوبەشیان لە نێواندا هەیە، بەلاّم بـــــــە هۆی ئامرازی لاسایكردنەوە لە یەكتر جیا دەبنەوە، لەو ڕووەوە كە ئامرازی یەكەمیان زمان (وشەو فرێزو رستە) یـــــەو هی دووەمیان (ڕەنگەو بۆیە) یـــە)[٦]

سەبارەت بە پێناسەكردنی وێنەی شیعری دیارە بە هۆی ئەوەی بابەتێكی فراوانە و لــە لای ڕەخنەگران جێی سەرنج و تێڕوانینە. بۆیە پێویستە ڕای چەندین نووسەری كورد و بیانی وەربگرین . كە پێناسەیان بۆ وێنە كردووە. نووسەرانی ئەوروپی ڕاو و بۆچوونی خۆیان دەربارەی وێنەی شیعری دەربڕیوە .(فان) لە پێناسەی وێنەی شیعریدا دەڵێت : ((وێنە قسەیەكی بارگە كراوی بە هێزە، لە چەند ڕەگەزێكی هەست پێكراو پێكدێ(هێڵ، ڕەنگ، جوڵە، سێبەر) بیرۆكەیەك یان سۆزێكی هەڵگرتووە كە ئیحای زیاتر لە واتایەك دەدات كە لە ڕەنگدانەوەی واقیعی دەرەكی زیاترە، لە هەمووشیان گشتیەێكی گونجاو پێك دێت) [٧]. واتا شاعیر لە ڕێگای دروست بوونی تابلۆیەك بە ووشەو وشەكانیش هێمای وێنەكان دەدەن (سی.دی.لویس) یش لە پێناسەكردنی وێنەی شعریدا دەڵیت :((وێنەیە بە ووشە وەسف و خوازە و لێكچوونیش وێنە پێكدەهێنن، یان دەتوانریت بە دەربڕینێك یان ڕستەیەكی ئاراستەكراو ئاراستەبكری))[٨].ئەگەر بۆچوونی (تەهاندی) ش بخەینەڕوو پێی وایە وێنە دوو لایەنی هەیە(دەرەكی) و (زینی) و دەڵێت : ((وێنەی هونەری شتێكی رەهای پێ جیادەكرێتەوە، جـــا ئەو شتە لە دەرەوە بێ و ناوبنرێ دەرەكی یـــاخود لە زەیندا بێ و ناوبنرێ وێنەیەكی زەینی . وێنە ئـــەوەیە شتێك لە زەیندا جیادەكاتەوە، شتەكان لە دەرەوە دا ئاشكران و لە زەینشدا وێنەن))[٩]. هـــەروەها (د. محمد غنیمی هلال) یش لە پێناسەكردنی وێنەی شیعریدا دەڵێت : ((هۆكاری جـــەوهەری هونەری لە هەردوو مانای لەتی و گشتی دا وێنەیە ئەزمونی شیعری بە تێكرا وێنەیەكی گەورەی هـــەمە لایەنە، یان چەند بەشەو لەو رۆڵەیدا كە لە وێنەكەدا هەیەتی لەتییەو لە وێنە گشتییەكەدا شوێنی ڕووداوی لاوەكی لە ڕووداوی سەرەكی شانۆگەری و چیرۆكدا دەگرێتەوە)) [١٠]. واتا ئەزمونی شاعیر دەبێتە هۆی دروستبوونی وێنە، چونكە شاعیر جگە لە بەرهەمە شیعرییەكانی ڕێگایەكی تری نییە بۆ ئەوەی لە ناخیدایە بیگەیەنێ بە خوێنەر.سەبارەت بە پێناسەكردنی وێنەی شیعری لای نووسەرانی كورد بە هەمان شێوە چەندین ڕاو و بۆچوون هەیە. كەریم شارەزا دەڵێت: ((وێنەی شیعری هونەرێكی جوان و ناسكی ڕەوانبێژییەو لە باری بێ ئاگایی لای شاعیردا لە دووتۆێی دێڕە شیعرەكانی دەخوڵقێ و ئەم هونەرەش كون و نوێی بۆ نییە،

لەوەتەی شیعر خوڵقاوە کەم و زۆر وێنەی شیعری تیادا خوڵقاوە و جوانییەکی پتری بە هۆنراوەکە داوە))[11]. هەروەها (دڵشاد عەلی) ش دەربارەی وێنەی شیعری ڕاوبۆچوونی خۆی دەربڕیوەو دەڵێت:((وێنەی شیعری زمانی ئەندێشەیەو هەموو ئەو دیاردە هەست پێکراوو هەستە دەرونی و بۆچوونە ئەندێشەییە بەر جەستە کراوانە دەگرێتەوە کە بە هۆی زمانەوە بۆ خوێنەر و گوێگر ئەنجام دەدرێت))[12].هەر سەبارەت بە وێنەی هونەری (عبدولسەلام سالار) دەڵێت :((خولقاندنی وێنەی هونەری وەك دەیاردەیەك لە خەو بینین دەچێت، هەر وەك چۆن تا ئێستا دیاردەی خەوبینین بە تەواوەتی لێکنەدراوەتەوە هەرچی وتراوە لە بارەیەوە تەنیا وەسف کردنێتی لە دەرەوەی خۆی، وێنەی هونەریش ناتوانرێت لێکدانەوەیەکی وردی بۆ بکرێت و ئەوانەی کە کراون تەنیا وەسفی دیاردەکە دەکەن لە دەرەوەو زەحمەتە وردەکاریەکانی ئەم دیاردەیە دەرخرێت))[13]. بۆیە دەگەینە ئەوەی کە لە کۆی ئەو پێناسانەی بۆ وێنەی شیعری کراون تا ئێستا پێناسەیەکی یەکگرتوو و دورست نەکراوە.

سەبارەت بە زاراوەی وێنەی شیعری لای زۆربەی ڕەخنەگران و ئەو کتێبانەش دەربارەی وێنەی شیعری نووسراوە چەندین زاراوەیان بۆ بەکار هێناوە، ئەم زاراوەیە وەکو زاروەیەیەکی ڕەخنەیی یەکەم جار لە (ڕەخنەی ئەدەبیی خۆرئاوایدا بە کارهاتووە لەوێدا لیکۆڵینەوەی لەسەر کراوەو سەرنجی توێژەرانی ئەدەبی و شاعیرانی بۆ ئەم ڕەگەزە گرنگەی شیعر ڕاکیشاوە و دواتر لە نێوەندی ئەدەب و ڕەخنەی گەلانی تریشدا بایەخی پێدارو لێکولێنەوەی لەبارەوە ئەنجامدراوە)[14]. بۆیە وێنە لە ڕەخنەی ئەوروپیدا(image)پێ دەوترێت.کە ووشەیەکی ئینگلیزییەو ئەم ووشەیەش لە ووشەی (imagimoto) ی لاتینییەوە وەرگیراوەو بەرامبەری لە یۆنانیدا (pnantasia) یەو ڕاستەوخو ووشەی ئینگلیزی (fancy) لێوەرگیراوەو لە هەردوو زمانەکەش بە واتای خاڵ دێت)[15]. هەروەها ئەم زاراوەیەش لە ئەدەبیاتی فارسیشدا (صوری خیال) ی بۆ بەکاردێت ولە ئەدەبیاتی عەرەبیشدا زاراوەی (صوره شعريه)یان (صوره فنيه) یاخود (الصوره الادبيه)[16]ی بۆ بەکاردێت. لە زمانی کوردیشدا چەندین زاراوەی بۆ بەکارهێنراوە وەك وێنەی شیعری و وێنەی هونەری و وێنەی ئەدەبی، بەڵام بۆچوونی جیاواز هەیە لەنێو رەخنەگراندا کە کام زاراوە پەسەنترە. (عبد القادر محمد امين محمد) دەڵێت : ((وێنەی شیعریمان هەڵبژاردووە لەبەر ئەوەی کە شیعر هونەرێکی زمانییەو وێنەکانی لە زمان پێکهاتوون، خودی زمانیش کۆمەڵێك پەیوەندییە، ئەگەر وەرگێڕایە سەر زمانێکی تر ئەوا پێوەندی پێکهاتەی وێنەکان تێك ئەچێ و نە وێنەو

نـه زمـان نـامێنێ))[١٧].بـەڵام بـه پێچـەوانەوه (هـاوژین صـڵیوه عیسـا) دەڵێـت: ((ئێمـه زاراوەی (وێنـەی هونـەری)مـان لا پەسـەنتره، چـونکه پێکهاتـەی هـەر وێنەیـەك لـه شـیعر وەربگـرین دەبینین جۆره هونـەرێکی تیا بەکارهاتووەتـــــا ئـــــــەم وێنەیـــــــه دروســت بـــــووه))[١٨].

## پاری دووەم

## ڕەگەزەکانی وێنەی شیعری

وێنه خۆی له خۆیدا ڕەگەزێکی گرنگی هەر دەقێکی شیعریه بـه هـەمان شـێوه وێنـەی شیعریش له کۆمەڵێك ڕەگەز پێك دێـت بـه ئاوێتـه بـوون ویـەکگرتنی ئـەم ڕەگەزانـه وێنـەی شیعری دروست دەبێت، هەموو ئەو ڕەگەزانەش گرنگن و بەشدارن له دروست کردنی وێنـەی شیعریدا، بەشداری نەکردنی یەکێك لەو ڕەگەزانـه دەبێتـه هۆیی ئـەوەی شـیعرەکه نـا کامـڵ بێـت، چونکه ((هـەموو هۆنراوەیـەکی بـاش وسـەرکەوتوو پێویسـته، خـاوەنی بیرێکـی بـەرزو قـووڵ، شـێوەیەکی جـوان و رازاوه، ئەندێشـەیەکی بـه پیـت وداهێنەرانـه، هەسـتێکی ناسـك و سۆزێکی گەرم و گوڕ، شێوازێکی بەهێز، زمـانێکی ڕەوان، مـوزیکێکی بوسـۆز، وێنـەی هونـەری جوان وهەمەرەنگ بێت))[١٩]. لێرەدا وەسفی هەموو ڕەگەزەکانی کردووه کەبەشـداری کردنیـان دەبێته هۆی له دایکبوونی دەقێکی شیعری سەرکـــــەوتوو، ڕەگەزەکانیش بریتین له (زمان، بیر، ئەندێشه، سۆز، نەست)

١- زمان

زمان یەکێکه له کەرەسته هەره گرنگەکانی وێنەی شیعری، چونکه وێنـەی شـیعری لـه زمانەوه سەرچاوه دەگرێت.شاعیریش زمانی شیعری چەند دەوڵەمەندبێت ئەوەنده دەتوانێت شیعری به نرخ وناسك وجواندابڕێژێت، چونکه ((شاعیر به شێوەیەکی تایبەتی زمـانی خـۆی به کاردەهێنێت وکاتێك وێنەیەك دروست دەکات خانەکانی به سۆزێکی جۆشدار پڕ دەکاتەوه وکۆمـەڵێك پێوەنـدی نـامۆ لـه نیـوان هێڵەکانیـدا پێکـدەهێنێت، ئەمـەش بانگەشـەیه بـۆ تایبەتمەندێتی وتاکڕەویی له پێگەوەنانی وێنەدا))[٢٠]. کەواته شاعیر زمـانێکی پۆخـت و ڕەوان جیاوازی له زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانه بەکاردەهێنێت له دروست کردنی وێنـەدا.((زمانێکـه لـه رووی تێگەیشـتنەوه پانتایـەکی فـراوان داگـیر دەکـات و خـۆی دوور دەخاتـەوه لـه زمـانی نـاوچەیی تـەسك که تێگەیشتنەکەی به زمـــــانێکی دیاری کـــــــراوەوه بەستراوه)) [٢١].

٢- بیر

یەکێکی تر لە ڕەگەزەکانی وێنەی شیعری بیرە. کە شاعیر بە عەقڵی پەیوەستی دەکات و بە دوایی جوانترین بەرگی شیعریدا بگەڕێت. بیر هەوێنی هەموو ژانەرە ئەدەبییەکانە، چونکە هەر بیرە شاعیر دەتوانێت بیکات بە شیعرو وێنەیکیش بیکات بە تابلۆ و ڕۆمانووسێك بیکات بە ڕۆمانێك ....هتد. کەواتە((بیر پێکهاتەیەکی سەرەکی وێنەیە))[٢٢]. بەڵام لەگەڵ ئەویشدا دەبێت هەموو ڕەگەزەکانی تری بەشدارێکی چالاکانە بکەن لە دروست کردنی دەقێکی شیعریدا، چونکە بە تەنیا ناتوانیت گەشە بکات. هەروەها دەبێت ((شێوازی پەخشکردنی بیرۆکەکان لە ڕێگەی وێنەومۆسیقای شیعرییەوە بەسەر دەروونـدا زاڵ دەبێت، بە مەرجێك ئەم وێنانە ئامـاژە بۆ بیرو هەستەکانی بکەن))[٢٣]. کەواتە بۆ ئەوەی وێنەکان زیاتر سەرەنجی خوێنەر ڕابکێشی دەبێت بـــــە شێوەیەکی جـــــوان بـــــخرێتە ڕوو.

٣- ئەندێشە

یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی وێنەی شیعری بە بەراورد لە گەڵ ڕەگەزەکانی تر لە سەرووی هەموویانەوەیە، شاعیریش تا چەند خەیاڵی فراوانتربێت دەتوانیت وێنەی نوێ بهێنێتە دونیای بوونەوە، چونکە ((شاعیری باش بە خەیاڵی تازەو زیندوو شیعرەکانی زۆر دەوڵەمەندو بە پێزتر دەکات، وێنەی سەرکەوتوو دروست دەکات و مەبەستەکانی خۆی دەردەبڕێت و لەگەڵ هەست ونەستی خوێنەرانیش دەیگونجێنێت))[٢٤].هەروەها((ئەندێشە لەگەڵ ماکەکانی تری وێنەی هۆنراوەی دەتوانن پێکەوە چەند سیفەتێکی ڕەمزی یا ئاڵۆز یا هێمایی یا نادیار یا تەمومژاویا لێڵی بە وێنەکە ببەخشن بە پێی ئارەزووی هۆنیارەکەو ئاستی هزرو بیروبۆچوونی))[٢٥]. واتە شاعیر گۆڕانکاری دەکات لە گواستنەوەی ئەو وێنانەی ئەندێشە دروستی دەکات نەك بە شێوەیەکی دەقاودەقی .

(کۆڵدیدج)ش دوو جۆر ئەندێشەی دەستنیشان کردووەو بەوە لە یەکیان جیا دەکاتەوە ((ئەندێشەی سەرەتایی ئەو توانایەیە کە ناوبەندی نێوان هەستکردن و درککردن دەکات وهێزێکی زیندووەو هۆکاری یەکەمە لە درکپێکردنی مرۆیی بەگشتیدا ... ئەم توانایەش کار لە هەموومان دەکات، چونکە هەمووان بوونەوەری درککەرین. کە چی ئەندێشەی لاوەکی

دەنگدانـەوەی ئەندێشـەی پێشـووەو لەگـەڵ ویسـتی (بـەئاگا)دا بـوونی هەیـە، بـەڵام لەگـەڵ یەکەمـدا لـە جـۆری کاریگەرییەکەیـدا هاوشـێوەیەو جگـە لـە پلـەو جـۆری کارەکـەی لـە هـیچ شتێکی تردا لێی جیاواز نییە، ئەندیشەی لاوەکی لە پێنـاو سەرلەنوێدروستکردنەوەدا، کـاری تواندنەوەوبلاّوکردنـەوەو هەڵوەشـاندنەوە دەکـات))[٢٦].کەواتـە ئەندێشـەی لاوەکـی دەبێتـە هۆکاری دروست بـــــــــوونی شاعیری داهــــــــــێنەر .

٤- سۆز

سـۆز ڕەگـەزێکی بنچـینەی وێنـەی شـیعریەویەکێکە لـەو ڕەگەزانـەی بایـەخێکی زۆری پێدراوە لەلایەن شاعیرو ڕەخنەگرانەوە.شیعر بە بێ سۆز وشکە وهەسـتی خوێنـەر نـابزوێنێ، هەر بۆیە (پیودور واگس)دەڵێت:((هیچ دەربڕینێکی ئەدەبی کە پێی بوترێت شیعر بـوونی نییەئەگەر لە بنەڕەتدا سۆزاوی نەبێت))[٢٧].بۆیـە ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لـە دروسـت کردنـی وێنەدا، بەڵام بە پێی جۆرەکانی شیعر دەگۆڕێـت وەك چـۆن لـە شـیعری لیریکیـدا ڕەگـەزێکی گرنگ وپێویستە، بەڵام لە شیعر فێرکردندا بەو شێوەیە نییە.هـەروەها (دکتـۆر محمـد زکـی) یش سەبارەت بە گرنگی سۆز دەڵێت ((وێنـە لـە سـۆزەوە لـە دایـك دەبێت وبـەپێ سـۆز هـیچ مـــــانایەك نـــابەخشێت و درێـــــــــژە پێـــــــدەری وێنـەکـەیە))[٢٨].

٥- نەست

یەکێکە لە ڕەگەزەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دروست کردنی وێنەی شیعریدا لـەلای هەندێك لە ڕەخنەگران بە کاریگەرترین ڕەگەز دادەنرێت لە نێو ڕەگەزەکانی وێنە، هـەروەها لەلای هەموو شاعیرێك نەست هەوێن و سەرچاوەیەکی گرنگی وێنەی شیعرییە.هەر لە بارەی نەسـتەوە چـەندین نووسـەرو شـاعیر ڕاوبۆچـوونی خۆیـان خسـتووەتە ڕوو وەك (شـێرکۆ بێکەس) دەڵێت :((نەست دەوری گەورەی هەیە دەتوانین بڵێین وەك عـەمبارێك وایـە هەسـت وبیرکردنـەوەو هۆشـی تیـاکۆ دەبێتـەوە تـەنها لـە کـاتی نووسـین وسـەراودەکەونەوە، نەسـت کۆبونەوەی هەموو ئەو شتانەیە کە پەیوەندیان بەژانی شاعیرەوە هەیە، ئەگەر نەست نەبێت بـیر زۆر کـاڵ دەبێتـەوە، بەرنامەیـەك نییـە بڵێین ئـەو نەسـتانە دادەنێت، خـەون و خـەیاڵ ونەسـت وپرسـیار ئەمانـە شـاعیر دروسـت دەکـەن))[٢٩]. واتـە نەسـت یەکێکـە لـەو ڕەگەزانـەی دەبێتـە هـۆی دروسـت بـوونی شـاعیر.هـەروەها (د.محمـد غنیمـی هـلال)ش دەڵێـت :((هـەموو وێنەیەك لە داهێنانی هونەریدا ڕەگوڕیشە بە جیهانی نەستدا ڕوچووە، چونکە لە پشـت ئـەو

تروسکایەوە کە لە دەروونی خۆماندا هەستی پێدەکەین بوارێکی تاریکی نەزانراو هەیە کە لێوانلێوە لە دیاردەی دەروونی و تەنها ڕەنگدانەوەی ئالۆزی نەبێت هیچی لە بارەوە نازانین))[30]. کەواتە نەست وەك گەنجینەکە بۆ ئەو حەزوخولیاو ئارەزووانەی کۆبونەتەوە لە منداڵیەوە. بۆیە لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین هەموو ڕەگەزەکان وێنەیەك دروست دەکەن وبیرۆکەیەك لە نێو دەقەکەدا هەڵدەگرن و ئەرکی دەربڕین و شیکردنەوە بە دوایی خۆیدا دەهێنێت وشاعیر دەبێت بە وریایەوە مامەڵەیان لە گەڵدا بکات.

## پاری سێیەم

## وێنەی هەستی لە شیعرەکانی شێخ مارف بەرزنجی دا.

هەستەکان ئامرازێکی گرنگ و بە هێزی شاعیرن بۆ دورستکردنی وێنەی شیعری و ئەو وێنانەش دەگرێتەوە، کە شاعیر بە هۆی یەکێك لە پێنج هەستەکانەوە درکی پێ دەکات.وەك (بینین، بیستن، بۆنکردن، چەشتن، بەرکەوتن)واتە شاعیر بەهۆی هەستەکەوە درك بە شتەکانی دەوروبەر دەکات ووێنەی شیعری جۆراوجۆرو جیاواز دورست دەکات.وێنەی هەستیش لە((شیعری هەموو شاعیرەکان باڵا دەستە))[31]

شاعیر ئەو شتانەی کە لە سروشتدا دەیانبینێت بە شێوەیەکی راستەوخۆ و دەقاودەق نایگۆازێتەوە، بەڵکو هەست و سۆزی خۆی دەخاتە سەر بۆ ئەوەی کاریگەری زیاتر لە سەر خوێنەر دورست بکات، چونکە ((دورستکردنی وێنە هەستیەکان تۆمارێکی فۆتۆگرافی سروشت و لاسایی کردنەوەی نییە، راستە شاعیر لە ڕێگای هەستەکانەوە دەچێتە ناخی سروشت و دیمەنێکی سەرنج راکێشی لێ وەردەگرێت، بەڵام وەکو خۆی وەریناگرێ، بەڵکو گۆڕانی بە سەردا دێنێت و دەیکا بە دورستکراوی خۆی))[32]. سەبارەت بە پۆلێنکردنی وێنە هەستیەکان (فەرهاد قادر) دەڵێت : ((ئەگەر چی هەردوو هەستی بینین و بیستن لە وێنەکێشاندا لە هەستەکانی بۆنکردن و چەشتن و بەرکەوتن زیاتر پشکی بەشداریان بەردەکەوێت، بەڵام لە رووی هونەرییەوە هەر هەموویان کار بۆ دەرخستنی رەهەندو لایەنە جیاوازەکانی شت و دیاردە باسکراوەکانی نێو وێنەی شیعری دەکەن بەو پێیەی هەموو هەستەکان لە بەرهەمهێنانی وێنەدا بەشداری دەکەن بەمەش ناکرێت یەکێکیان لەوانی تر بە جوانتر و بەرزتر بزانین، بەڵکو تەنها جیاوازیان بەندە بە هەستی شاعیرو ڕێژەی بە

کارهێنانیەوە))[٣٣]. واتە نابێت شاعیر گرنگی بە هەستێك بدات و هەستێك فـــەرامۆش بکات، بەڵکو دەبێت بـــە بێ جیاوازی گرنگی بـــە هـــەموو هەستەکان بدات .

سەبارەت بە وێنەی هەستی لە شیعرەکانی شێخ مارف بەرزنجیدا توانیوێتی هەموو هەستەکانی بە کـــاربهێنێ و هەستەکـــانی بکاتە ئـامرازێك بـــۆ دروست کردنی وێنەی شیعری.

١- هەستی بینین

هەموو ئەو وێنانە دەگرێتەوە، کە بەر هەستی بینین دەکەون کاتێك شاعیر رۆژانە سەدان شت و دیاردە دەکەوێتە پێش چاوی سەرنجی رادەکێشن و وێنەی هەستی جوان و بەرز و سەرنجڕاکێشی لێ دورستدەکات، چونکە چاو بە ئاسانی بەشێکی زۆری شتە ماتریاڵییەکانی گەردوون دەبینێت، بۆیە هەستی بینین بە دایکی هەستەکانی تر دادەنرێت))[٣٤].واتە هەستی بینین لە لای شاعیران لە هەموو هەستەکانی تر ئەکتیف ترە لە دورستکردنی وێنەی شیعریدا. شێخ مارفیش لە هۆنراوەکانیدا کۆمەڵێ وێنەی شیعری بەرزی دورست کردووە . کە بەر هەستی بینین دەکەون . بۆ نموونە لە هۆنراوەی(من وبوون) دا دەڵێت :

کە سەیری رابردوو ئەکەم

بە نیادەم لە شوێن بەنیادەم

ملیۆنەها ساڵ و زەمان

شەوە، رۆژە، مردن، ژیان

بەهاری جوان ئەیبا خەزان

ئەمڕۆ گەشی، سبەی ڕزان

جوانی و نازداری و ناسکی

بەرزی و دەستداری و چاپکی)) [٣٥].

شاعیر لە ڕێگای ژیانی خۆیەوە باسی ژیانمان بۆ دەکات لە نەمانی جوانی بەهارو نازداری و ناسکی هەروەها لە ڕێگای ئەم دەستەواژانەوە کە بەر هەستی بینین دەکەون وەك (شەو، ڕۆژ، بەهار ی جوان، خەزان) وێنەیەکی بەرزی خولقاندووە.

هەروەها لە دەقێکی تردا شێخ مارف دەڵێت :

بە هیوای بەهار شادم بە زستان

بەهاریش پەستم لە ترسی خەزان

بەهارێ خۆشە خەزانی نەبێ

ڕێگاکەی سەختەو دوورو بیابان

هەر زستانەکەی بەشی من نەبێ

شادم بە باو بە بەفر و تۆفان))[٣٦].

شاعیر لە ڕێگای بە کارهێنانی وشەی (بەهار، زستان) هەروەها لە دێرەکانی تردا وشەی (بیابان، خەزان، بەفر، تۆفان) وێنەیەکی جوانی دورست کردووە کە بەر هەستی بینین دەکەون . شاعیر لە وەرزی نا ئومیدیەوە کە زستانە وێنەی زیندووبوونەوەمان بۆ دەکێشێت کە وەرزی بەهارە .

لە دەقێکی تردا شێخ مارف دەڵێت :

نە ئاوی ڕوونی کارێزو کانی

نە شینی ئاسمان لە دوا بارانی

بە وێنەی ڕوونی دڵی ئێمە پاك

بە تیشکی ڕۆژی دڵداری ڕۆناك

هەر وەك خەوێ بوو ئەو ژینە خۆشە

لە پڕ ڕاچەنین چ دنیا بۆشە))[٣٧].

شاعیر ئەم وێنەیەی لە سەر بنەمای لێکچواندن بنیات ناوە کە دەستەواژەی (ئاوی کارێز و کانی، شینی ئاسمان) چواندووە بە دڵی خۆی . هەروەها دەستەواژەی (تیشکی رۆژیش) کە هەموویان بە هەستی بینین دەکەون و وێنەیەکی جوانی دورست کردووە .

لە دەقێکی تردا دەڵێت :

گزنکی لەگەڵ بەیانا

یا لە زەردەی ئێوارانا

تریفەی مانگە شەوی دێ

بەرەو رووی دوو دڵدار هەڵبێ)) [٣٨].

شاعیر لە رێگای کومەڵێ دەستەواژەی وەك (گزکی بەیانا، زەردەی ئێوارانا، تریفەی مانگە شەو) وێنەیەکی جوان و بەرز دورست کردووە کە بەر هەستی بینین دەکەون .

٢- هەستی بیستن

ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە لە رێگای گوێوە بەر هەستی بیستن دەکەون. هەستی بیستن لە شیعری شاعیراندا پانتایەکی فراوانی داگیرکردووە، چونکە ((جیاوازە لە هەستی بینین، کە تاریکی دەبێتە بەربەست لە بەردەمیدا، واتە گوێ لە توانایدا هەیە لە تاریکی و روناکیشدا هەست بە دەنگەکان بکات، هەر وەك چۆن لە دوورو نزیکیش دەیانبیسێت، لەگەڵ ئەوەدا ئەم هەستە لای کەسانی نابینا جێگەی هەستی بینینیش دەگرێتەوە))[٣٩]. هەروەها گرنگی هەستی بیستن لەوەدایە کە ((هەر وێنەیەکی شیعری لە سەر بنەمای دەنگ یا ئاواز یا مۆسیقا بنیاتنرابێ، ئەوا لە رێگەی هەستی بیستنەوە باشتر وەردەگیرێو هەست بە خۆشی و جوانی وێنەکە دەکرێت))[٤٠].

شێخ مارفیش هەستی بیستنی کردۆتە ئامرازێك بۆ دورستکردنی کۆمەڵێ وێنەی شیعری جوان و بەرز. بۆیە لە دەقێکدا دەڵێت :

گوێم لێیە قاقای بە کوڵت ئەی داتە رووت خوێنی دڵت

گوێم لێیە زرەی پڵپڵەو بازنگ و گەردانەی ملت))[٤١].

شاعیر لەم دەقەدا کە وەسفی خۆشەویستەکەی دەکات کۆمەڵێ دەستەواژەی وەك (قاقای بە کوڵت، زرەی پڵپڵە، بازنگ، گەردانەی ملت) بە کارهێناوە کە بەر هەستی بیستن دەکەون و درکی پێ دەرکرێت وێنەیەکی جوانی دورست کردووە .

هەروەها لە دەقێکی تردا شێخ مارف دەڵێت :

بزرێرەوە، بزرێرەوە

زەنگی زانست بزرێرەوە

هۆشی خەوتووان بە هۆش بێنەوە

هیوام بە تۆیە بلەرێرەوە

لە پاش بانگی شێو، بانگی زانستی

بۆ بانگکردنی گشت، تۆ دەربەستی

پڕ بە دەمی خۆت وا هاوار ئەکەی

ئەی گەلی خەوتوو کەی تۆ هەڵئەستی))[٤٢].

شاعیر لەم دەقەدا بانگی هەمووان دەکات بەرەو رووی زانست بڕون و لە رێگای کۆمەڵێ دەستەواژەی وەك

(بزرێرەوە، بلەرێرەوە، بانگی شێوان، هاوارکردن) وێنەیەکی بەرزی دورست کردووە کە بەر هەستی بیستن دەکەوێت .

لە نموونەیەکی تردا شێخ مارف دەڵێت :

چ قاقای پێکەنینی شاد

چ گریانی هەناسەی سارد

چ گرمەی زۆرداری بێداد

چ هەژاری سەد ئاهی سارد)) [٤٣].

شاعیر له ڕێگار به كارهێنانی دەستەواژەی (قاقای پێكەنین، گریـان، گرمـه، ئـاهی سـارد) وێنەیەكی هەستی دورست كردووه كه بەر هەستی بیستن دەكەوێت .

٣- هەستی بۆنكردن

یەكێكه لەو هەستانەی شاعیر له ڕێگای لوتەوە جوانترین وێنەی شیعریدورست دەكات. كه بەر هەستی بۆنكردن دەكەوێت. هەروەها شاعیر زۆربەی كات پەنا دەباته بەر سروشت بۆ خولقاندنی وێنەی شیعری وەك بۆنی (گوڵ، ریحان، میوەوعەتر، میسك، گاز، سوتاو) . هەندێ لـەو وێنانـەی كـه بـەر هەسـتی بـۆنكردن دەكـەون لـه ((وەسـف و لێكچـواندنەكاندا بەدەردەكـەون))[٤٤]. شـێخ مـارفیش لـه ڕێگـای هەسـتی بۆنكردنـەوە كۆمـەڵێ وێنـەی جـوانی خولقاندوە. بۆ نموونه لەم دەقەدا دەڵێت :

خۆزگه ئاوازی بولبول

یا بۆنی پەڕەی سونبول

یا شنه بای تازە بەهار

یا گوڵێكی جوانی هەنار

یا شۆڕە بی، یا سەروی شۆخ

یا شینی دەریایەكی تۆخ

لاپاڵی كێوێكی جوان

دی بیتی سەد هەزار دەوران))[٤٥].

شاعیر له ڕێگای به كارهێنانی كۆمەڵێ دەستەواژەوە توانیوێتی وێنەیەكی شیعری ناوازە دورست بكات كه بەر هەستی بۆنكردن و بیستن و بینین بكەوێت وەك (ئاوازی بولبـول) بـەر هەستی بیستن دەكەوێت و هەروەها (بۆنی پەڕەی سونبول، شنەبا، گوڵی جوان، شـۆڕەبی) كـه بەر هەستی بۆنكردن دەكەون . له دێرێكی تـــــــــــردا (شـینی دەریـایی) هێنـاوەتـەوە كه بەر هەستی بینین دەكەوێت .

هەروەها له دەقێكی تردا دەڵێت :

من گوڵی گوڵنار دێنم

تۆیش بۆم بهێنە نەسرین

وەنەوشەو شەوبۆی بۆن خۆش

وەك برا و خۆشکی رووخۆش

دەسکە گوڵی عێراقین

بۆ دوژمنان مەراقین))[٤٦].

شاعیر لەم هۆنراوەدا باسی برایەتی نەتەوەکانی عێراق دەکات و لە رێگای بە کارهێنانی دەستەواژەی بۆن خۆشی (شەبۆ و وەنەوشە) وە وێنەیەکی جوانی دورست کردووە کە بەر هەستی بۆنکردن دەکەوێت .

هەروەها شێخ مارف لە دەقێکی تردا دەڵێت :

پەڕۆ چییە و بۆ چی باشە

بۆ فرێ دان

لە سەر گۆفکان

ئەو پەڕی تەختەی کلاشە

پەڕۆ چڵکن و بۆگەنە

لای هەموو زەوقێکی بالا

ناپەسەنە

کەچی پەڕۆ شتی تیایە

هەندێ جار زۆر لە کارایە

تا دەڵێت

وابێ پەڕۆ کەمتر نییە لە کاربەدەس

كاربەدەستێکی نۆکەری پیاوی ناکەس

کە ئەبێتە ماشەی ئاگر لە قەوم و کەس)) [٤٧].

ئەم وێنەیە لە سەر بنەمای لێکچواندن بنیات نراوە شاعیر هاتووە (پەڕۆی چڵکن و بۆگەنی) چواندووە بە بەرپرسی نۆکەرو دوژمنی خاك و گەل . بۆیە لە دەستەواژەی (چڵکن و بۆگەن) وێنەیەکی جوان و بەرزی دورست کردووە کە بەر هەستی بۆنکردن دەکەوێت .

٤- هەستی چەشتن

یەکێکە لە هەستەکانی مرۆڤ کە بە هۆی تامکردن لە ڕێگای زمانەوە هەستی پێ دەکرێت . شاعیر لە هەستی چەشتنەوە کۆمەڵێ وێنەی شیعری رازاوە دورست دەکات وەك (شیرینی و تاڵی و ترشی و سوێری) هتد .... جیاوازی ئەم هەستە لەگەڵ هەستەکانی تر ئەوەیە کە ((تامی شتەکان نە بە هەستی بینین و نە بە بیستن و بەرکەوتن و بۆنکردن درکیان پێ ناکرێت، بەڵکو تەنها لە ڕێگەی چەشتنەوە هەستیان پێدەکرێت، کە تێدا هیچ ماوەیەك لە نێوان مرۆڤ و شتە هەستپێکراوەکەدا نامێنێت)) [٤٨].

بەهەمان شێوەی هەستەکانی تر شێخ مارف توانیویتی لە ڕێگای ئەم هەستەوە چەندین وێنەی شیعری جوان دورست بکات بۆنموونە لە هۆنراوەی (ئاخێز) دا دەڵێت :

ئەبینم ژینی گشتی تاڵە تالەم نەزمەدا مابین

مەحاڵە پێ بهاوین ئێمە تا لەم ڕێگەدا مابین)) [٤٩] .

ئاخێز بە واتای ڕاپەڕین دێت شاعیر داوای ڕاپەڕین لە خەڵك دەکات، چونکە بە بێ ڕاپەڕین ژیانی هەمووان تاڵە. شاعیر دەستەواژەی (تاڵ) ی لە سەر بنەمای لێکچواندن بنیات ناوە چواندوویەتی بە ژیانی خەڵك و لە ڕێگای ئەم دەستەواژەوە وێنەیەکی جوانی دورستکردووە کە بەر هەستی چەشتن دەکەوێت .

هەروەها لە دەقێکی تردا دەڵێت :

ئەو ئاسیاوە کۆنە شڕە

بە ئاوێکی سوێر ئەگەڕێ

مێشك و سەری خەڵك ئەهاڕێ

دڵ ورد ئەکا

لێو ئەکرۆژێ

رەنگی ساوایان سیس ئەکا

چاوی گەلاوێژ کز ئەکا

ئەو ئاسیاوە کۆنە شڕە

بە ئاوێکی سوێر ئەگەڕێ)) [50].

شاعیر لێرەدا ئاماژە بە ژیانی تاڵ و کوڵەمەرگی ئەو سەردەمی مرۆڤایەتی دەکات.وێنەیەکی شیعری لە رێگای هونەری لێکچواندنەوە دورست کردووە، هاتووە تاکی ناسۆری ژیانی ئەو سەردەمەی کە تێدا ژیاوە بە بەرداشی ئاسیاو چواندووە . وێنەکە بە هۆی هەستی چەشتنەوە دورست بووە لەرێگای وشەی(سوێرە)وە .

٥- هەستی بەرکەوتن

ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە بە دەست لێدان هەستی پێ دەکەین وەك (ساردو گەرمی و لوسی و نەرمی و رەقی و زبری ......) ئەم هەستە لە هەندێ حاڵەتدا لە لای کەسانی نابینا جێگەی هەستی بینینیش دەگرێتەوە، چونکە ((هەستی بەرکەوتن هەستێکی گرنگە لە درککردن بە جوانی شتەکان و هەندێ جار شوێنی هەستی بینین دەگرێتەوە و لە ئەویش کاریگەرتر دەبێت))[51] . بۆیە دەبێت شاعیر سەرەڕای گرنگیدان بە هەستەکانی تر گرنگی زۆریش بەم هەستە بدات .

شێخ مارفیش لە هۆنراوەکانیدا چەندین وێنەی شیعری خولقاندووە کە بەر هەستی بەرکەوتن دەکەون . بۆ نموونە لە دەقێکدا دەڵێت :

دەمێ بە گوڵ گەیشتم بولبول بە سەر چڵەوە

من دەمم بە گوڵەوە، ئەو داخی بە دڵەوە

چ خۆش بوو ئەو دەمەی وا دەمم لە ناوی دەم دا

دەستێ ناو مەمان و دەستێکم بە ملەوە)) [٥٢] .

شێخ مارف ئەم وێنەیەی لە سەر بنەمای لێکچواندن بنیات ناوە کاتێک خۆی چوواندووە بە بولبول و یارەکەی بە گوڵ . بۆیە لە ڕێگای بە کارهێنانی دەستەواژەی (دەستێ لە ناو مەمان، دەستێك بە ملەوە) وێنەیەکی شیعری دورستکردووە کە بەر هەستی بەرکەوتن دەکەوێت.

لە دەقێکی تردا شاعیر دەڵێت .

لە هەموو دەرگایەك ئەدەم

بەرۆکی هەمووتان ئەگرم

ناونیشانی خۆشم ئەدەم

من کچێکی حەوت ساڵان بووم

لە شاری هیرۆشیمادا

رووحۆش و شیرین و جوان بووم)) [٥٣].

شێخ مارف ئەم وێنەیەی لە سەر بنەمای هونەری درکە بنیات ناوە. وێنەیەکی شیعری لە چوارچێوەی هەستی بەرکەوتنەوە بە هۆی دەستەواژەکانی (لە دەرگا دان، بەرۆك کرتن) دوە دورست کردووە .

هەروەها لە دەقێکی تر دا دەڵێت :

ساقی وەرە بۆ خاتری ئەو پیاڵەی پڕ مەی

تێکە بە دوو دەس بادە، بدە مەی پەیاپەی

ئاوازی دەروون، ناڵەی سنگ، ئاهی دڵی من

هەر وەك تەری موتریبە لە چنگ و نەی)) [٥٤] .

شاعیر وێنەیەکی شیعری بە تێکەڵکردنی دەستەواژەکانی (دەستی بادە، ناڵەی سنگ، ئاوازی دەروون، ئاهی دڵ) لە ڕێگای موتریبە کردنی هەریەکێ لە ئەمانە بە ئەوانی تر وێنە هەستیەکەی دورستکردووە کە بەر هەستی بەرکەوتن دەکەون.

## ئەنجام

له كۆتايی ئەم لێكۆڵینەوەیەدا گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە .

١- وێنەی شیعری ڕەگەزێكی گرنگی شیعرە و رۆڵ دەبینێت لە پرۆسەی داهێنانی شیعردا. هەروەها ڕەگەزەكانیش (زمان، بیر، ئەندێشە، سۆز، نەست) بە یەكگرتنیان وێنەی شیعری جوان دورست دەكەن .

٢- ئەوە زمانەی شێخ مارف لە نووسینی شیعرو دورست كردنی وێنەی شیعریدا بە كاریهێناوە زمانێكی سادەو ئاسان بووە نزیك لە زمانی رۆژانەی خەڵك . كە هەموو كەس لێی تێ دەگەن .

٣- شێخ مارف هەموو هەستەكانی بە كارهێناوە لە دورست كردنی وێنەی شیعربدا . هەروەها لە هەندێ دەقدا هەستەكانی تێكەڵ كردووە لە دورستكردنی وێنەی شیعریدا .

## پەراوێزەکان

(١) کاکەی فەلاح، وێنەی شیعری چییە، گۆڤاری کاروان، ژمارەی ٤٩، تشرینی یەکەم، ١٩٨٦، ل٢٣.

(٢) کاکەی فەلاح، وێنەی شیعری چییە، گۆڤاری کاروان، ، ل٢٤.

(٣) عزالدین محمد صابر، شێوازی شیعرەکانی شێخ نوری شێخ صالح، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٥، ل١٦٢.

(٤) نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و رەخنەیی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١١، ل١٩٥.

(٥) د. فەرهاد قادر، بتیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢، ل٢٧.

(٦) بڕوانە / ئەرستۆ، هونەری شیعر، وەرگێڕانی : عەزیز گەردی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٥.

(٧) د.محمد حسين علي صغير، نظرية النقد في ثلاثة محاور متطورة، دار الشؤون والثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٦، ص٢٦.

(٨) سي.دي.لويس، الصورة الشعرية، ترجمة، د.احمد نصيف الجنابي ومالم ميري وسلمان حسن ابراهيم، مراجعة د.عناد غزوان اسماعيل، منشورات وزترة الثقافة والاعلام، دار الرشيد للنشر، ١٩٨٢، ص٢١.

(٩) هیتلەر ئەحمەد حەمە، وێنەی هونەری لای نالی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠١، ل٥.

(١٠) د. محمد غنمي هلال، النقد الادبي الحديث، دار العودة - دار الثقافة، بيروت، ١٩٧٣، ص٤٤٢.

(١١) کەریم شارەزا، وێنەی شیعری لە هۆنراوەکانی دوو شاعیری نۆیکارو دوو شاعیری نۆیخوازدا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ی٧٨، یەکی کانونی یەکەم، ٢٠٠٢، ل٣٤.

(١٢) دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٤٨.

(١٣) عەبدولسەلام سالار عەبدورەحمان، وێنەی هونەری لە شیعری (شێخ نوری شێخ سالح)، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٧.

**(١٤) نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی وڕەخنەیی، ل١٩٧.**

**(١٥) بڕوانە/ هاوژین صلێوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکو بێکەسدا، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩، ل١٩.**

**(١٦) بڕوانە/ هاوژین صلێوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکو بێکەسدا، ل١٩.**

**(١٧) عبدالقادر محمد امین محمد، وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانتیکی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٠، ل١.**

**(١٨) هاوژین صلێوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکو بێکەسدا، ل٢٠**

**(١٩) حوسین محەمەد عەزیز، یاقوت و زمرِوتی کوردی، بەرگی (١)، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١١٨.**

(٢٠) عدنان حسين قاسم، التصوير الشعري، التجربة الشعورية وأدوات رسم الصورة الشعرية، المنشأة الشعبية للنشر والتوزيع والاعلان، ليبيا، ١٩٨٠، ص٢٧.

**(٢١) سەردار ئەحمەد حسن گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی (١٩٧٠ـ ١٩٩١) دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٦٧.**

(٢٢) د.عبدالله عساف، الصورة الفنية في قصيدة الرؤيا، ط (١)، دار دجلة، سوريا- القامشلي، ١٩٩، ص٣٨

**(٢٣) م. سەعد فاروق یوسف شێخ بزێنی، بنیاتی هونەری لە شیعری ئەحمەد ومەختار بەگی جافدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١، ل١٥٦.**

**(٢٤) هاوژین صلێوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکو بێکەسدا، ل ٥٤.**

**(٢٥) عادل مەجید محەمەد گەرمیانی، وێنەی بابەتی لە هۆنراوەکانی گۆران و سەیاب دا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە، ابن رشد، زانکۆی بەغدا، ٢٠٠٠، ل١١٨**

**(٢٦) د.فەرهاد قادر کەریم، بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدیدا، ل٤٦.**

**(٢٧) د.فەرهاد قادر کەریم، بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدیدا، ل٤٩.**

(٢٨) محمد زكي العشماوي، فلسفة الجمال في الفكر المعاصر، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨٥، ص٩٥.

**(٢٩) هاوژین سلێوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، ل٧٥.**

(٣٠) د.محمد غنيمي هلال، النقد الادبي الحديث، دار العودة، بيروت، ١٩٧٣، ص٣٧١.

(٣١) د. منذر ذيب كفافي، الشعر الجاهلي فی كتب المختارات الشعرية دراسات فی الشكل و المضمون، ط١، جدار الكتاب العالمي، عمان – الاردن، ٢٠٠٦، ص٢٥٥ .

**(٣٢) هۆگر جمعە حمە کریم، وێنە لە تاقیکردنەوەی شیعری عەبدوللا پەشێودا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی پەروەردە ـ قەڵادزێ، زانکۆی راپەڕین، ٢٠١٧، ل ٣٧.**

**(٣٣) د. فەرهاد قادر، بتیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدیدا، ل٢٦٤.**

**(٣٤) شاخەوان فەرهاد محەمەد، کورتیلی شیعر لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا بە نموونە دەقەکانی (قوبادی جەلیلزادە، لەتیف هەڵمەت، دڵشاد عەبدوللا) چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٤، ل١١١٨.**

**(٣٥) سامان مارف بەرزنجی، عومەر مەعروف بەرزنجی، سەرجەم بەرهەکانی مارف بەرزنجی شەهید (پشکۆ)، هەولێر، ١٩٩٣، ل٨١.**

**(٣٦) سامان مارف بەرزنجی، عومەر مەعروف بەرزنجی، سەرجەم بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی شەهید (پشکۆ)، ل١٢١.**

**(٣٧) سەچاوەی پێشوو، ل١٠٣.**

**(٣٨) هەمان سەرچاوە، ل٨٢**

**(٣٩) هۆگر جمعە حمە کریم، وێنە لە تاقیکردنەوەی شیعری عەبدوللا پەشێودا، ل٤٠.**

**(٤٠) حوسین کەلاری، شێواز لە هۆنراوەکانی فەرهاد شاکەلی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، ٢٠١١، ل٢٦٤.**

**(٤١) سامان مارف بەرزنجی، عومەر مەعروف بەرزنجی، سەرجەم بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی شەهید (پشکۆ)، ل٧٠.**

**(٤٢) سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٨.**

**(٤٣) هەمان سەرچاوە، ل٨١**

**(٤٤) هاوژین صلێوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکو بێکەسدا، ل ١٨٦.**

**(٤٥) سامان مارف بەرزنجی، عومەر مەعروف بەرزنجی، سەرجەم بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی شەهید (پشکۆ)، ل٨٢.**

**(٤٦) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٨.**

**(٤٧) هەمان سەرچاوە، ل١٢٨.**

**(٤٨) د. فەرهاد قادر، بتیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدیدا ل٢٧٦.**

**(٤٩) سامان مارف بەرزنجی، عومەر مەعروف بەرزنجی، سەرجەم بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی شەهید (پشکۆ)، ل٧٢.**

**(٥٠) سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٠.**

**(٥١) عەبدولسەلام سالار عەبدورەحمان، وێنەی هونەری لە شیعری (شێخ نوری شێخ ساڵح)، ل١٠١ .**

**(٥٢) سامان مارف بەرزنجی، عومەر مەعروف بەرزنجی، سەرجەم بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی شەهید (پشکۆ)، ل٨٣.**

**(٥٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥.**

**(٥٤) هەمان سەرچاوە، ل١٣٢.**

## لیستی سەرچاوەکان

**سەرچاوە کوردییەکان:**

**ـ کتێب:**

(١) ئەرستۆ، هونەری شیعر، وەرگێڕانی : عەزیز گەردی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤.
(٢) حوسین کەلاری، شێواز لە هۆنراوەکانی فەرهاد شاکەلی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، ٢٠١١.
(٣) حوسین محەمەد عەزیز، یاقوت و زمرِوتی کوردی، بەرگی (١)، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٣.
(٤) دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ١٩٩٨.
(٥) سامان مارف بەرزنجی، عومەر مەعروف بەرزنجی، سەرجەم بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی شەهید (پشکۆ)، هەولێر، ١٩٩٣.
(٦) سەردار ئەحمەد حسن گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی (١٩٧٠ـ ١٩٩١) دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.
(٧) سەعد فاروق یوسف شێخ بزێنی (م)، بنیاتی هونەری لە شیعری ئەحمەد ومەختار بەگی جافدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١ .
(٨) شاخەوان فەرهاد محەمەد، کورتیلی شیعر لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا بە نموونە دەقەکانی (قوبادی جەلیلزادە، لەتیف هەڵمەت، دڵشاد عەبدوڵڵا) چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤.
(٩) د. فەرهاد قادر، بتیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢.
(١٠) هاوژین صلێوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکو بێکەسدا، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩.

**ـ فەرهەنگە:**

(١) نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و رەخنەیی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١١.

**ـ نامەی ئەکادیمی :**

**ـ دکتۆرا :**

(١) عادل مەجید محەمەد گەرمیانی، وێنەی بابەتی لە هۆنراوەکانی گۆران و سەیاب دا،

**نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە، ابن رشد، زانکۆی بەغدا، ٢٠٠٠.**

**(٢) عەبدولسەلام سالار عەبدورەحمان، وێنەی هونەری لە شیعری (شێخ نوری شێخ ساڵح)، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٦.**

**ـ ماستەر:**

**(١) عبدالقادر محمد امین محمد، وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانتیکی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٠ .**

**(٢) عزالدين محمد صابر، شێوازی شیعرەکانی شێخ نوری شێخ صاڵح، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٥.**

**(٣) هۆگر جمعە حمە کریم، وێنە لە تاقیکردنەوەی شیعری عەبدوڵڵا پەشێودا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی پەروەردە ـ قەڵادزێ، زانکۆی راپەڕین، ٢٠١٧.**

**(٤) هیتلەر ئەحمەد حەمە، وێنەی هونەری لای نالی، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠١.**

**ـ گۆڤارەکان:**

**(١) گۆڤاری ڕامان، ژمارەی ٧٨، یەکی کانونی یەکەم، ٢٠٠٢.**

**(٢) گۆڤاری کاروان، ژمارەی ٤٩، تشرینی یەکەم، ١٩٨٦.**

**ـ سەرچاوە عەرەبییەکان:**

**ـ کتێب:**

(١) سي.دي.لويس، الصورة الشعرية، ترجمة، د.احمد نصيف الجنابي ومالم ميري وسلمان حسن ابراهيم، مراجعة د.عناد غزوان اسماعيل، منشورات وزترة الثقافة والاعلام، دار الرشيد للنشر، ١٩٨٢ .

(٢)عبدالله عساف (د)، الصورة الفنية في قصيدة الرؤيا، ط (١)، دار دجلة، سوريا- القامشلي، ١٩٩.

(٣) عدنان حسين قاسم، التصوير الشعري، التجربة الشعورية وأدوات رسم الصورة الشعرية، المنشأة الشعبية للنشر والتوزيع والاعلان، ليبيا، ١٩٨٠.

(٤) محمد حسين علي صغير (د)، نظرية النقد في ثلاثة محاور متطورة، دار الشؤون والثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٦.

(٥) محمد زكي العشماوي، فلسفة الجمال في الفكر المعاصر، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨٥.

(٦) محمد غنمي هلال (د)، النقد الادبي الحديث، دار العودة ـ دار الثقافة، بيروت، ١٩٧٣ .

(٧) منذر ذيب كفافي(د)، الشعر الجاهلي فى كتب المختارات الشعرية دراسات في الشكل والمضمون، ط١، جدار الكتاب العالمي، عمان – الاردن، ٢٠٠٦.

# الملخص :

هذا البحث بعنوان (الصورة الحسية في شعر الشاعر شيخ مارف البرزنجي) يتكون من مقدمة وثلاثة مباحث وخاتمة ونتائج وقائمة بالمصادر والمراجع وملخص باللغتين العربية والانكليزية .

وقد تناول المبحث الأول مفهوم ومصطلح الصورة الشعرية، وتناول المبحث الثاني عناصر الصورة الشعرية، أما المبحث الثالث والأخير فقد تناول الجانب العملي للصورة الحسية لشعر الشاعر الشيخ مارف البرزنجي .

وفي الخاتمة تم عرض أهم النتائج التي توصل البحث إليها.

**Abstract:**

This research entitled (The sensual picture in the poetry of poet sheikh Marif Al- Barzanji) It consists of introduction one Chapter, aconclusion, alist of sources and references and the summary in Arabic and English .

The Chapter consist of three sentences: The first topic dealt with the concept and term of poetic image. The second topic dealt with the elements of poetic image. The third and final topic dealt with the practical aspect of the sensory image of poetry of (Sheikh Marif Al- Barzanji)

In conclusion, the main findings of the research were presented.